# بۆ یەکەم جار ڕۆمیۆ و جولیێت لە کوردستاندا

**عوسمان ڕانیەیی**

لە نووسینی ولیام شکسپیر و دراماتۆرگی و دەرهێنانی د. فازڵ جاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی، بەشی شانۆ، تیپی شانۆی ئارارات، بە سپۆنسەری سەرەکی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە، لە ماوەی ٢٠٢٤/٧/٢٠ و ڕۆژانی دوایی، لە کاتژمێر شەشی ئێوارە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ نمایشی ئەم شانۆگەرییە کرا.

بۆ بینینی شانۆییەکە من و هاوسەرم لە هەولێرەوە چووینە سلێمانی و لەکۆتا ڕۆژی پێشکەش کردنیدا وێڕای بینەرێکی زۆر ئامادەبووین. ڕاستییەکەی ماوەیەکی زۆربوو ئامادەی هیچ نمایشێکی شانۆیی نەبووبووم، بەڵام ئەم جارەیان بەئارەزوویەکی زۆرەوە بەو گەرمای تەمموزە، ڕێگەی شارمان گرتەبەر و بەدڵگەرمی و خۆشییەوە خۆمان لەناو هۆڵی نمایشەکەدا بینییەوە.

لەسەرەتاوە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەبوون کە چێژێکی زۆر لە نمایشەکە دەبینین، هەر لە ئامادەبوونی بینەرێکی زۆر کە ڕێژەیەکی بەرچاویان ئافرەت بوون، هەروەها ڕێکوپێکیی پێشوازی و پاک و خاوێنی هۆڵ و سەر شانۆ و پەیوەستبوونی خەڵکەکە بە ئیتیکێتی پاراستنی بێدەنگی و بەکارنەهێنانی لەڕادەبەدەری مۆبایل و وێنەگرتن و سناپ و ئەو شتانەی تر.

بێگومان هەبوونی ئەو خاڵە ئەرێنیانە ڕەنگدانەوەی چەند خاڵێکی دیکەی سەرەکی بوون لەکۆی گشتی کارەکە، یەکەمیان دەق و کارە شانۆییەکە چییە و هی کێیە؟ هەروەها کەسایەتی و ناوی دەرهێنەر، هاوکات ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵیان بەگوێرەی لێهاتوویی و مێژووی کارکردنیان لە نمایشەکەدا هەبوو.

پێم وایە هەموو ئەو کەسانەی بەدرێژایی ڕۆژانی نمایشی شانۆییەکە ئامادەبوون، چێژێکی هونەری تەواومان لە کارەکە وەرگرتبێت، ئەمەش بە ڕوخساریانەوە بەدی دەکرا کاتێک لە کۆتایی نمایشەکەدا زۆرینەی بینەرەکان لە ڕیزێکی دوورودرێژدا چاوەڕێ بوون تا دەستخۆشی و چەپکە گوڵی پیرۆزبایی پێشکەشی ئەکتەر و دەرهێنەر و ستافی هونەریی بکەن کە لەبەردەم شانۆکەدا لە پێشوازی میوانەکانیاندا بوون.

هەر لەو پێوەندییەدا، دواتر لە دوو دانیشتنی

جیاوازدا لە هەولێر و سلێمانی لەگەڵ هاورێی دێرینم د. فازڵ جاف گفتوگۆیەکمان سەبارەت بە چۆنیەتی خۆسازدانیان بۆ ئەم کارە شانۆییە کرد، چونکە دەمێک ساڵ بوو هۆڵەکانی شانۆی کوردیمان شاکارێکی وای لە خۆی نەگرتبوو، گفتوگۆکەمان کراوەبوو، باسی زۆر لایەنی هونەر و شانۆ و کارە ڕۆشنبیرییەکانمان کرد، لێرەدا پوختەیەکی پێشکەشی خوێنەرانی هێژا دەکەم، بەهیوای دڵ پەزیریتان.

### لە کوردستاندا، ڕۆمیۆ و جولێیت چۆن هاتە سەر شانۆ؟

ئەو دەقەی (ڕۆمیۆ و جولێیت) کە من کارم تێداکرد، هەڵهێنجراوی سێ دەقی هەمان شانۆنامە بوو بە سێ زمانی جیهانی (ئینگلیزی و سوێدی و عەرەبی) بێگومان هەبوونی زیاتر لە سەرچاوەیەک، بەزمانانی دیکە بۆ دەرهێنەر گرنگە، چونکە زۆرجار ئیلهامت پێ دەبەخشێت، توانایی زیاترت دەداتێ، من زۆر سوود لەو شێوازە دەبینم، بۆیە زۆربەی کارەکانم، خۆم وەرم گێڕاون، ڕاستە هەندێک نووسەر زمانێکی ئەدەبی و بەهێز بە دەقەکە دەدات، بەڵام بۆ نمایش بەکەڵک نایەت، بۆنموونە چەند وەرگێڕانێک بۆ ڕۆمیۆ و جولێیت هەن، بەڵام من هەر کارم لەوەی خۆمدا کرد و ئەویشم کردووە بە نمایش.

### بەر لە نمایش چی دەگوزەرا؟

ماوەی پرۆڤەکردن و نمایشی شانۆنامەکە نزیکەی حەفتا و پێنج ڕۆژبوو، بەهاتوچۆی چەندان جارەی خۆم لە هەولێرەوە و مانەوەم لە سلێمانی بەدرێژایی ماوەی کارەکە، بەڵام بۆ ئامادەکردن و نووسین و وردەکارییەکان کاتی زیاترم پێویست بوو.



ئەو ستافەی لەو بەرهەمە شانۆییەدا کارییان کردووە، ژمارەیان شەست و یەک کەس بوون، ٢٢ ئەکتەر و ٣٩ کارەکتەری هونەری وەک ئەوەی ناویان لە برووشۆری شانۆکەدا هاتووە، جگە لە چەندان کەسی دیکەی وەک سەربازی ون دڵسۆزانە کاریان کردووە و ڕۆڵیان هەبووە.

خاڵی سەرکەوتنیش لەو کارەدا وێڕای هەبوونی چەندان ئاستەنگی جیاواز، بەڵام هەموو لایەک بە گیانێکی هونەرییانەی پاکەوە شەومان خستە سەر ڕۆژ بۆ ڕایی کردن و سەرخستنی کارەکەمان، بەجۆرێک کەس بیری لای دەستکەوتی ماددی و بەرژەوەندی کەسی نەبوو، من بۆخۆشم خۆبەخشانە ئەو کارەم کرد.

### لەم کارەدا چ سوودێکت لە ئەزموونی وەرگێڕانت وەرگرت؟

ئەو شانۆگەرییانەی من وەرم گێڕاون، جار لە دوای جار لەزۆر شوێن نمایش دەکرێن. شانۆنامەکانی نووسەری پۆڵۆنی (سلاڤومیر مرۆژیک)م وەرگێڕاوە، زۆرجار نمایش دەکرێن، دوای نمایشەکە زۆر کەس پێم دەڵێن وا دەزانین بەکوردی نووسراوە، کەچی دەقە شانۆییەکان پۆڵۆنین، بەڵام من وەرم گێڕاونەتە سەر کوردی و هەوڵم داوە بە زمانێکی ڕەوان و سادە

بگاتە بینەر، ئەوانەم لە کتێبدا چاپ کردووە. هەموو ساڵ جارێک دووانیان نمایش دەکرێن، هەموو دەڵێن زمانەکەی وەک ئەوەیە کوردێک نووسیبێتی، دانەیەکمان لە ستۆکهۆڵم نمایش کرد بەناوی (گێژەن)، بینەرێک پێی گوتم: بڕوا ناکەم ئەمە وەرگێڕان بێت، ئەمە خۆت نووسیوتە، چونکە دراماتورگیم خوێندووە و تاڕادەیەک لە تەکنیکی وەرگێڕانەکە شارەزام.

## ئایا گرنگە دەرهێنەر پێشتر کارێکی بینیبێت دواتر دراماتۆرگی بۆ بکاتەوە؟

بەڵێ هەر زۆریش پێویستە، چونکە بەرچاوڕوونی دەدات بە دەرهێنەر لەکاتی دووبارە ئامادەکردنەوەی هەمان کاریدا. بۆخۆم یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٦ لە بەریتانیا لە شاری (ستراد فۆرد) زادگە و شاری شکسپیر، شانۆیی (ڕۆمیۆ و جولێیت)م بینی.

من ئەوسا تازە چووبووم بۆ بەریتانیا لە خوولی فێربونی زمانی ئینگلیزی لە شاری (برایتن) بووین، بە گەشتێکی خوێندن چووینە شاری ستراد فۆرد، هەر لەوێش کۆمپانیای شکسپیری لێیە (ڕۆیاڵ شکسپیر کۆمپانی) کە تایبەتمەندن بە نمایشی کارەکانی شکسپیر، هەر لەوێ شانۆیی (ڕیچاردی دووەم)یشم بینی.

هەروەها لەساڵی ١٩٩٢ لە شاری سان پیتەربوورگ بالێی (ڕۆمیۆ و جولێیت)م بینی. دواتریش لە کۆتایی نەوەتەکان لە شانۆی شاهانەی سوید شانۆگەری (ڕۆمیۆ و جولێیت)م بینی، پاشان لە چەندان وڵاتی دیکە نمایشەکانی شکسپیرم بە چەندان زمانی جیاواز بینیوە. تا ڕادەیەکی باش لە ئەدەبی شکسپیر کردووە، هەروەها زانیاریم لە بابەتی (شکسپیر لە نمایشدا) هەیە و چەندان سەرچاوەی گرنگم دەربارەی خوێندووەتەوە.

لە توونس، لە قرتاج، کۆڕێکی فکرییان هەبوو، بابەتەکەی من دەربارەی (شکسپیر بوو لەشانۆدا- دیکۆر چۆن بووە، جلوبەرگ، جووڵەیان، نمایشی ئەکتەرەکانیان)، ئەمانەیان چۆن بەکار هێناوە، چونکە لای شکسپیر، هەموو شتێک ئاشکرا بووە.

## ئایا لە زمانەکانی دیکەشدا بەم جۆرەیە؟

ئەمەیان خاڵێکی گرنگە و لە وەرگێڕانی عەرەبی (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) نموونەی یەکەمە، ئەو چەند کارێکی شکسپیری بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، بە زمانێکی زۆر بەهێز و زۆر کلاسیک و زۆر پتەو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە وەرگێڕاندا کەسێکی دەستپاکە، ویستوویەتی وەکوو خۆی وەری بگێڕێت، بەڵام بە دەستکارییەکی پیشەیی بەهرەمەندییەوە جوانتری کردووە. دەتوانی ئەو دەستکارییە بکەیت، بەڵام دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە ئەکتەر چۆن دەیڵێتەوە، ئەگەر بەتەنیا بیر لەوەک خۆبوونی ئەسڵی دەق بکەیتەوە، زۆرجار ڕەوانبوونی زمانەکەی لەدەست دەدەیت، دەقەکە ڕیتمی تێدایە، ڕیتمەکەش دەڕوات و بزر دەبێت.

بۆ نموونە؛ وەرگێڕی عەرەبی (محمد عناني) زیرەکییەکەی لەوەدایە، هەندێ دەستکاری دەقەکە دەکات لەسەر حسابی دەستپاکی و ئەمانەتەکە، بەڵام زمانێکی ڕەوان بۆ ئەکتەر دروست دەکات کە بتوانێ بە جوانی و بە ئاسانی کاری تێدا بکات، هەرچەندە لە میانی وەرگێڕانی ئەوانیشدا هەندێک لە دەقە ئەسڵییەکە دەفەوتێت و بزر دەبێت.

بەگشتی زۆربەی وەرگێڕانەکان بەو جۆرەن، بەڵام بە تایبەتی شکسپیر، چونکە یاری بە وشە دەکات، کە یاری بە وشە کرد، ئەو یارییە تەنیا لە ئینگلیزی بەرجەستە دەبێت،

تەنانەت ئەگەر بە کوردی، یان هەر زمانێکی تریش بینووسیایە، شکسپیر وای لێ دەکرد، بۆ نموونە لە (ڕیچاردی سێ) دوو کەس دەنێرێت کە براکەی لە بەندیخانەدا بکوژن، براکەشی پاشازادەیە، دەڵێت من (ڕۆیاڵم)، ئەوانیش دەڵێن ئێمەش (لۆیاڵین)، واتە ئێمە پیاوی پاشاین و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوین، ئەوجا ئەم (ڕۆیاڵ و لۆیاڵ)ە کە وەری دەگێڕیت بۆ سەر زمانێکی تر ون دەبێت و نامێنیت، چونکە دەستەواژەی هاوشێوەت بەگیرناکەوێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ؛ بۆ نموونە شکسپیر خۆی هێما (ڕەمزییەت)ی تێدایە، لەبەرئەوەی دەقەکانی بە شیعر نووسیوە، لە (ماکبێس) کە ژنەکەی دەمرێت ڕستەیەکی وەها دەڵێت؛ (باشە ئەمە کاتی بوو ئەو مردنە؟ یان نەدەبوو کاتێکی تر بمرێ؟ یان بۆ ئێستا مرد؟) جەبرا لە وەرگێڕانەکەیدا دەڵێت؛ دەکرێت ئەمە بە چەند جۆرێک بێت.

یان هەر ڕستەیەکی دیکەی شکسپیر دەکرێ بە جۆرێکی تر دابڕێژرێ و وەربگێڕدرێ، چونکە لە بنەڕەتدا زمانی شکسپیر گەلێ ڕەهەند لەخۆی دەگری، لە هەندێک شوێندا شکسپیر شیعری بەکار هێناوە و لەهەندێ شوێن پەخشان، ئەوانەی کەسایەتی و خاوەن پلە و پایەی بەرزن لەناو کۆمەڵگە بە شیعر قسە دەکەن، بەڵام دەست و پێوەند و عەوام بە شێوەی پەخشان قسەدەکەن.

## زمانی دەربڕین

ڕاستییەکەی تێگەیشتنێکی باو هەیە کەوا زانراوە شکسپیر قورسە و ئاسان نییە، بەڵام گرنگترین خاڵ لەلای شکسپیر بابەتی زمانە، وشە و زمان، کە زۆر گرنگی پێ داوە، کاتی خۆیشی کە شانۆیان کردووە، هەموویان بە وشە بەرجەستە کردووە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت (ئەی ئەستیرەکانی ئاسمان) ڕاستییەکەی نە ئەستێرە هەبووە، نە شەویش بووە، بەڵکوو ڕۆژ بوو، بەڵام بۆ بینەر وشە هەموو شتێک بووە و تێگەیشتووە.

## ڕێبازە شانۆییەکان لە یەک نمایشدا

لەم کارەی ئێمەدا چوارچێوەی گشتی (مایرهولد)یی بوو، بەڵام ڕێبازە شانۆییەکانی دیکەش ئاوێتەی یەک کرابوون، بۆ نموونە، دەتوانی شێوازی (برێخت)یشی تێدا بدۆزیتەوە، بەڵام بە ڕادەیەکی کەمتر.

ماوەیەک دەمانگوت ناگەینە نمایش، چونکە کارەکەمان بەگوێرەی پلان و نەخشەی دەرهێنانەکە ژمارەیەکی زۆر ئەکتەری پێویست بوو، بەڵام بەهۆی گیانی هاوکاری و بەردەوامیمان گەیشتینە نمایش و ئامانجەکەمان پێکا.

هەرچەندە کاتێکی زۆرم لە ئامادەکردنی بەسەربرد، چونکە لە ماوەی دەرهێنانەکەدا زیاتری ویست، چەند ساڵێک بوو ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەم لەخەیاڵ بوو، بەڵام قورس دەهاتە پێش چاو، تۆ وەرە ئەو دەقە بێنە و کورتی بکەوە و هەڵە و ناپاکی لێ مەکە، ئەمە ئاسان نییە، زۆر درامای شکسپیری کراوە، نیو کاتژمێر بووە، بێگومان بەم ماوە کورتە دەق خاڵی دەبێتەوەو هیچی وای تێدا نامێنێت، چونکە ئاگاداری شکسپیر نین، لەبەر ئەوە دەیکەن بە نیو کاتژمێر، زۆرجار خەڵکانێک دەستی بۆ دەبەن زانیارییان لەبارەیەوە زۆر کەمە، یان هەر نییانە.

## ڕەگەزە هونەرییەکان لە شانۆکەدا

مۆسیقا بەشێکی باشی لە نمایشەکەدا پێک هێنابوو، مۆسیقای نمایشەکەمان لەو سیمفۆنیستانە

وەرگرتبوو کە (ڕۆمیۆ و جۆلێیت)یان کردووە بە بالیێ، دووانیان بە ناوبانگترینن، دوو کۆمپۆزەری ڕووسین (پرۆکۆفیڤ و چیکۆفسکی) لەگەڵ (شۆستۆگۆفیچ)، بەڵام ئەو دووانەی یەکەم سەرەکین، ئەوان بە بالیێ دایان ناوە، منیش ئەوانەم وەک خۆیان هێناوە، یەک دانە (مۆزارت) یشی تێدابوو ( ڕکیۆم) بەواتای شیوەن، ئەوەشمان لە دیمەنی شینگێڕییەکە دانابوو، ئەمە خەسڵەتی منە لە کارەکانم کە هەردەم مۆسیقای ڕەسەنی خۆی بەکاردێنم، تەنانەت ئەگەر بەهەر زمانێکی تر دەرهێنانی بۆ بکەم، هەر ئەو مۆسیقا ڕەسەنانە بەکاردێنم.

## سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ

سینۆگرافیا کە هونەرمەند شێراز عەزیز نەخشەی بۆ کێشاوە، پێکهاتێکی گرنگی نمایشەکەمان بوو. ئەم پێکهاتەیە دیمەن بە دیمەن وەک بەشێک لە نمایشەکە دەگۆڕا، واتە سینۆگرافیا چەسپاو و چەقبەستوو نەبوو، بگرە بەشێکی زیندووی شانۆواندن (تمسرح) و یارییەکە بوو. کاک شێراز لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکاندا هاوئاهەنگییەکی باشی لەگەل ڕەنگی جلوبەرگەکاندا کردبوو، کە دیزاینەر ئەڤین غەریب جێبەجێی کردبوو. ئەو شێوازەی کە بۆ جلوبەرگەکان هەڵیبژاردبوو، گوزارەی لە سەردەمێکی دیارکراو نەدەکرد، ئەمەش بەو مەبەستەی کە لەم سەردەمەی ئێستامان نزیک بێتەوە، هاوکات چێژی کلاسیکیش ببەخشێ.

## خەیاڵ

لە بنەڕەتدا دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکانی شکسپیری خەیاڵ دەخرۆشێنێ و دەیهێنێتە جۆشوخرۆش و کارای دەکات، بەڵام ئێستا کاتێک شانۆنامەکانی شکسپیر بە تەکنۆلۆجیای ئاڵۆز نمایش دەکەن، ڕاستییەکەی ئەمە خەیاڵ دەکوژێت. من لەگەڵ ئەوەنیم، چونکە ئەو کەرەستانە خەیاڵی بینەر دەکوژن و بە ئامادەکراوی هەموو شتێکی دەداتێ، ئێمە دەمانەوێ ئاماژەی بدەینێ و خەیاڵی کارا بکەین، تەنانەت لەکاتی خۆیدا بەهۆی نمایشە بەردەوامەکانی شکسپیر خەیاڵ لەکارەکانیدا بووبوون بە ئیلهام بۆ خوڵقاندنی چەندان تابلۆی نیگارکێشە بەناوبانگەکان، بۆ موزیکژەنەکان، هەروەها بۆ نووسینی ئۆپێرا و بالیێ و سیمفۆنییەکان و چەندان بواری دیکەی هونەری.

## جووڵەی ئەکتەر

تایبەتمەندی من لە شانۆدا جووڵە و ئاماژەی جەستەیە، هەروەها پسپۆڕییەکەم لەسەر ئەو ڕێبازەیە، ڕێبازی ( بیۆمیکانیک) من لەسەر ئەوانە ئیش دەکەم، تەنانەت ئەوانەشی کە جووڵەیان کەمە، بەڵام ورد و پوختن، دەبێت هەمووی نەخشەکێشی بۆ کرابێت، ئەم نمایشەمان دیمەنەکانی پڕبوون لە جووڵە و دەبوایە وابێت.

## هێما و هەستی خۆشەویستی

لەم کارەماندا، هێما و جووڵە و هەستی خۆشەویستی بۆ من زۆر گرنگ بوون، زۆر هەوڵم داوە خەیاڵاتی خۆشەویستی ناسک و جوان دروست بکەم، هەوڵم داوە دیمەنەکان زۆر کۆنکرێتی نەبن، چونکە شکسپیر فەزاکەی کراوەبووە، هەروەک چۆن وردەکاری و درێژدادڕی زۆر نییە، بەڵکوو خێرایی و سادەیی هەیە، بۆ نموونە وا پیشان دەدەی کەسەکە مردووە، من نەمویستووە چواردەوری مردووەکە بکەم بە ژوورێکی داخراو، بۆ ئەوەی دیمەنەکە داخراو نەبێ و خەیاڵ قەتیس نەکات، بەکراوەیی دەیهێڵینەوە، چونکە ئەوەش زۆر گرنگە بزانیت

لـە چ فەزایـەک دایدەنێـی.

هـەر لـە باسـی جووڵــە و خەیـاڵ و هەسـتی خۆشەویسـتی، بـۆ نموونـە لەدیمەنـی کۆتایـی شـانۆییەکە، هـەردوو ئەکتـەر ڕۆمیـۆ و جولێیـت بـە شـێوەیەک دەوەسـتن کـە مانـای نەمـری دەبەخشـێ، ئەمـەش وای کـرد بینـەر زۆر بـە وردی سـەیری دیمەنـی کۆتایـی بـکات، سـەیری جووڵـەی هـەردوو ئەکتـەرە پاڵەوانەکـە و ئەوانـی تریـش بـکات، خـۆی لـە بنەڕەتـدا ئـەو دیمەنـە لـەلای شکسـپیر نەبـووە و بـەم شـێوەیە نییـە، بـەڵام ئـەوە ئیشـی دەرهێنـەرە ئـەم جووڵـە و خەیـاڵات و وردەکارییانـە بـۆ کارەکـەی دروسـت بـکات، لەیـەک کاتـدا ئامـاژە و گوزارشـتێکی ڕوون بێـت بـۆ مەبەسـتێک، دیـارە ئێمـەش ئەوەمـان کـرد، ئەوانمـان وەک ڕەمزێکـی نەمریـی لەسـەر سـەکۆکە وەسـتاند، هەمـوو ئەوانـەش کـە ناکۆکییـان هەبـوو وەک ئەندامانـی دوو بنەماڵەکـە لـە بـەردەم پەیکەرەکەیانـدا ڕاوەسـتان، ئـەوان هەمـوو مـردن، بـەڵام نـاوی ئـەو دوو ئەوینـدارە بـە جاویدانـی مایـەوە، ئەمـەش پەیامـی سـەرەکی نمایشـەکە بـوو.

## کورتەیەک دەربارەی ڕۆمیۆ و جولێیت

ڕۆمیـۆ و جولێیـت Romeo and Juliet بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن کارەکانـی نووسـەری بەناوبانگـی ئینگلیـزی ولیـام شکسـپیر دادەنرێـت، هەروەهـا بـە شـاکاری کلاسـکیاتی جیهانیـش ناسـراوە، لـە سـەردەمانی کـۆن و نـوێ لـە زۆر بـواری هونـەری وەک شـانۆ و فیلـم و ئۆپێـرا و بالیـێ و ئۆرکسـترا و موزیـک و نیگارکێشـی، کاری لەسـەرکراوە. هـاوکات وەرگێڕدراوەتە سـەر زۆربەی زمانەکانـی جیهانـی، بـە زمانـی کوردیشـەوە، ئـەم دوو نـاوەش بـوون بـە هێمـای خۆشەویسـتی و ئەوینـی نێـوان دوو دڵـدار، بـە کوڕێکـی عاشـق دەڵێـن ڕۆمیـۆ و بەشـۆخێکی ئەوینداریـش دەڵێـن جولێیـت.

## پوختەی ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە

دەربـارەی چیرۆکـی خۆشەویسـتی نێـوان کـوڕ و کچێکـی دوو خانـەوادەی بـە ناوبانـگ و دەوڵەمەندی شـاری فیرۆنـای ئیتاڵیایـە، ئەوانیـش خانـەوادەی (مۆنتیاگیـۆ) و (کاپۆلیـت) بـوون، کـە بـەردەوام ناکۆکـی و ململانـێ لەنێوانیانـدا هەبـووە، بـەڵام ڕێکـەوت ڕۆڵـی خـۆی لـە دروسـتبوونی چیرۆکێکـی خۆشەویسـتی نێـوان کـچ و کوڕێکـی ئـەو دوو خێزانـەدا دەبینـێ، ڕۆمیـۆ لـە مۆنتاگیـۆ و جولێیـت لـە کاپۆلیـت.

چیرۆکـی ئەوینداریـان بـەردەوام دەبێـت تـا دەگاتـە دوا ترۆپکـی فیـداکاری و دڵسـۆزی و ڕاسـتگۆیی، بـەڵام بەهـۆی بەردەوامـی ناکۆکـی نێوان خێزانەکانیـان ناگـەن بـە ئامانجـی خۆیـان، لە کۆتاییـدا بـە تراجیدیـای خۆکوشـتنی هەردووکیـان ژیانـی ئـەو دوو ئەوینـدارە کۆتایـی دێـت.

لێرەشـدا جارێکـی تـر ڕێکـەوت کاری خـۆی دەکات و ناخۆشـی و ململانـێ دەگۆڕێـت بـۆ خۆشـی، کاتێک تراجیدیـای ژیـان و خۆشەویسـتی ئـەو دوو دڵـدارە دەبێتـە هەوێنـی دروسـتبوونی ئاشـتی نێوانیـان و کۆتایـی پێهێنانـی دوژمنداری لە مێژینەیان و دەسـت خسـتنە ناودەسـتی یـەک، لەکۆتاییشـدا پەیکەرێکـی دووانەیـی بـۆ ڕۆمیـۆ و جولێیـت دروسـت دەکـەن وەک نیشـانەی خۆشەویسـتی و پێکەوەبوون.